www.kurdistannet.org 23-2-2003





# سیروان کاروانی: هێندەی ژیانم ماوە خزمەتی کلتووری نەتەوەکەمی پێدەکەم

**بەڕێز سیروان کاروانی نووسەر ماوەیەکی درێژە لە دەرەوەی کوردستان ژیان بەسەر دەبات، وێستگەکانی ژیانی لە یەکدی دابڕاو و جیاوازن، ئەمڕۆکە لە وڵاتی سوید دەژی و، چەندین کتێبی بڵاوکردۆتەوە، لە ستۆکهۆڵم ئەم دیمانەیەمان بۆ هەفتەنامەی گوڵان لە گەڵیدا سازکرد.**

## دیمانە:خسرۆ پیریاڵ

*** چۆن باس لە سەرەتاکانی خۆتان دەکەن، منداڵیتان، ژیانتان، یەکەمین وێستگەکانی ژیانتان لە کوێوە بوو؟**

مرۆڤێکی کورد، ٣٨ ساڵە چاوم بە جیهانی پڕ لە حەسرەت و مەینەتی هەڵهێناوە و لە ئامێزی باخچەی ژیان و رابووردووی رۆژگارێکی پەژموردە گیرساومەتەوە و دڕک و داڵی ژینی تێکەڵ بە باهۆزی هەناسەی حەسرەتم تا قوڵایی سییەکانم چێشتووە. هەوارە بچووکەکەی دڵی منداڵیم لەگەڵ ئاوایی پەپوولە هەناسە لێبڕاوەکان سووتماک کرا و تۆشەبەرەکەی رچەڕێی ژیانم پڕ کرا لە تاسە. رۆژگار وەرچەرخا، هەوارێکی دی لە ئامێزی گرتم، بەڵام هیچ شیبایەک تاسەکانمی نەڕەواندەوە، بەم شێوەیە، سەربردەی ژیانی منیش وەک زۆرینەی خەڵکی وڵاتەکەم چەندین نشێو و هەورازی رۆژگاری بەخۆوە بینیوە و تاڵ و سوێریی چێشتووە. لێرەو لە چاوپێکەوتنێکی وا کورتدا، ئەو دەرفەتەم نییە هەمووی بێنمە گۆ، بۆیە پاش ئەو کورتەیە، کۆتاییی بەم باسەیان دەهێنم، ئەوەی لام گرنگە، هەر لە تەمەنی هەرزەکاریمەوە، هەستی نیشتمانپەروەریم لا دروست بووە و، بەرامبەر بە نیشتیمانەکەم خۆم بە دڵاوا زانیوە و بۆ سەربەخۆیی و سەروەریی زێدەکەم تێکۆشاوم.

لە کۆتاییی ساڵی ١٩٨٨دا، بە ناچاری و لەبەر باری خراپی تەندروستیم ڕێگای هەندەرانم گرتەبەر و لەوکاتەوە لە وڵاتی سوێد لەناو چڕە دوکەڵی مەنفادا ساتەکانی ژیانم دەتارێنم، ئەوەی ئێستاش لە رۆژە ماوەکانی ژیانمدا پێشکەشی گەل و زێد و کولتوورەکەمی دەکەم، تەنیا راژەکردنە بە وێژەی کوردی.

*** پرۆژەکانتان و نووسینەکانتان (کتێب) چی بوونە، ئێستا خەریکی چین؟**

لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ئەدەبدا وەکوو: شیعر و چیرۆک، فەرهەنگی ناو و هەروەها وەرگێڕان بەتایبەت بەرهەمی منداڵان و هێندێک لەو راپۆرتە نوێییانەی دەربارەی نەخۆشییەکانی مرۆڤ دەدرێن، من لە زمانی سوێدییەوە کردوومن بە کوردی، بەڵام هەروەک لە منداڵییەوە دڵ و چاو و دەروونم بۆ خۆشەویستی شیعر کراونەتەوە، هەر لە ئامێزی شیعریشدا خۆشترین سەرخەوم شکاندووە و گەرمترین ئەشکیشم هەر لە ڕێگای دێڕە شیعرەوە رشتووە، بۆیە ئێستاش هەر شیعر هەوێنی هەڵهاتنی یادە شیرین و تاڵەکانمە، سەرجەمی ئەو کتێبانەی تا ئێستا (بەرهەمی خۆم و وەرگێڕان) بە چاپم گەیاندوون ١٦ کتێبن. بریتین لە ٢ دیوانە شیعر بە ناوی "شەوەزەنگ" و "یەک ساتە شەنگۆڵ" کە ساڵی ١٩٩٩ و ٢٠٠٠ لە سوێد (دەزگای چاپی ئەرزان و رابوون) چاپ و بڵاوبوونەوە، لە دیوانی دووەمدا هونەرمەند "رێبوار سەعید" نیگارەکانی کێشاوە. فەرهەنگی ناوی کوردی لە ٣ بەشدا کە لەناوی کچان و کوڕان پێکهاتووە، ناوی کچان بە جیا و ناوی کوڕان بە جیا. ناوەکان بە پێی لیستی پیتی ئەبجەدی ریزکراون و لە بەشی یەکەمدا کە ساڵی ١٩٩٩ لە سوێد (دەزگای چاپی ئەرزان) چاپ و بڵاوبووەوە (٣٢٠٥) ناوی لە خۆگرتووە و بەشی دووەم ساڵی ٢٠٠٠ هەر لە سوێد (دەزگای چاپی ئەرزان) چاپ و بڵاوبووەوە (١٦٨٠) ناوی لەخۆ گرتووە و بەشی سێیەم کە بە یارمەتیی کولتوور- و لیژنەی رۆشنبیری شاری ئۆرێبروی سوێد لە چاپ دراوە و نیگاری بەرگ هونەرمەند "رێبوار سەعید" کێشاویەتی ساڵی ٢٠٠٢ لە ئینگلاند چاپ و بڵاوبووەوە (٩٩٩) ناوی لەخۆ گرتووە ٢ کتێبی داستان و چیرۆک، "هەرزاڵ" کە بەشێک کورتە چیرۆکی تێدایە و ساڵی ١٩٩٩ لە سوێد (دەزگای چاپی ئەرزان) چاپ و بڵاوبووەوە، چیرۆکەکان دەرد و ئازارە سەختەکانی کۆمەڵگای کوردەواریمان دەخەنەڕوو و هەروەها تاسەی کوردەکانی دوورە وڵات بۆ زێدی خۆیان و ئەو لاوە کوردانەی بەناچاری خاکی پیرۆزی نیشتیمان بەجێ دەهێڵن و لە ڕێگای بەرەو ژیانێکی مەنفایی هێندێکیان درەختی ژیانیان هەڵدەوەرێ و گۆڕغەریب دەبن، هێندێکیشیان تاسەی دووری دەچێژن کتێبی "داستانی کوڕە و کچە" کە بەسەرهاتێکی راستەقینەیە و لە حەفتاکانی سەدەی هەژدەهەم لە ئەشکەوتێک بەناوی (قزقەپان) سەر زێی گچکە ناوچەی کەرکووک روویداوە، پێش من کەسێک لەسەری نەنووسیوە، هێندەی لوابێ زانیاریم لەسەر کۆکردۆتەوە و بەشێک لە زانیارییەکان بە هۆی کاک (نافع عەلی)یەوە بووە و خستوومەتە بەر دیدی خوێنەرانی کورد، شایانی باسە ئەم داستانە، برای بەڕێز و نووسەرم مەهاباد کوردی کە هەر لە سوێد دەژی، بەپیتی لاتینی نووسیویەتەوە و لەهەمان کتێبدا، ساڵی ٢٠٠١ (دەزگای چاپی رابوون) بە چاپمان گەیاند ١- کتێبی منداڵان "بنار کچێک بوو حەزی لە ترێ بوو" کتێبێکی منداڵانە، نیگارەکان خاتوو ڕێزان چالاک کێشاویەتی.

کتێبی وەرگێڕان جگە لە وتار و راپۆرتە نەخۆشییەکان:

* کتێبی Du Ar Du نووسینی (Bitten Munthe- kaas) بە کوردییەکەی "تۆ هەر تۆی" ئەم کتێبە لە نەرویجییەوە کراوە بە سوێدی و منیش دەقە سودێییەکەم کردووە بە کوردی. چاپی یەکەم، چاپخانەی میدیا، سوێد ,١٩٩٩ (کتێبێکی پەروەردەیە بۆ ئەو کەسانەی مۆخی پشتیان بریندار بووە). ئەم کتێبە یارمەتیی ئەو کەسانە دەدات کە دوچاری برینداربوونی مۆخی بڕبڕەی پشت هاتوون.

* کتێبی Orjan-den hojdradda Or-nen نووسین و وێنە: Lars Klinting (ئۆریان- ئەو هەڵۆیەی لە بڵندایی دەترسا، کتێبێکی جوان و سەرنجڕاکێشی منداڵانە. چاپی یەکەم، سوێد ٢٠٠١ دەزگای چاپ و پەخشی ئاپێک لە ستۆکهۆڵم، چاپی دووەم، سلێمانی ٢٠٠٢ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

* کتێبی Nyfiken pa giraffen (ئارەزوومەندی لەسەر زەڕافە) نووسینی In-gegerd och Sven Zatterlund وێنە: Johanna Zetterlund ئەویش هەروا کتێبێکی جوان و سەرنجڕاکێشی منداڵانە، چاپی یەکەم، سوێد ٢٠٠١ دەزگای چاپ و پەخشی Zetterlund ئۆرێبرو.

*کتێبی Nyfiken pa elefanten (ئارەزوومەندی لەسەر فیل) نووسینی: In-gegerd och Sven Zetterlund وێنە: Johanna Zetterlund ئەویش هەر لە نووسینی ناوبراوانی سەرەوەیە. چاپی یەکەم سوێد ٢٠٠١ دەزگای چاپ و پەخشی Zetterlund ئۆرێبرو.

*لە کتێبی Kikaren (دووربین) نووسینی: Yngve Berger وێنە: Unn Magnus-sen ئەمەیش کتێبێکی سەرنجڕاکێش و زیاتر بۆ لاوانە. چاپی یەکەم، ئینگلاند ٢٠٠٢ لەسەر ئەرکی کۆمەڵگای کوردیی گرینچ چاپ کراوە.

* کتێبی Doktor Allvetande (ئەو دوکتۆرەی هەموو شتێک دەزانێ) نووسین و وێنە: Mats Rehnmang کتێبێکی منداڵانە.

چاپی یەکەم ٢٠٠٣ چاپی ئینگلاند.

* کتێبی Bonadeas Bat (بەلەمەکەی بۆنادیێا) نووسین و وێنە: Irmelin Sand-man Lilius. کتێبێکی منداڵانە. چاپی یەکەم ٢٠٠٣ چاپی ئینگلاند.

* کتێبی Pompe gar i skogen och Pompe badar i en a (پۆمپی دەچێتە ناو دارستان و پۆمپی لەناو جۆگەیەک خۆی دەشوا) نووسینی: Barboro Lindgren وێنە: ئیڤا ئێریکسسۆن. کتێبێکی منداڵانە. چاپی یەکەم ٢٠٠٣ چاپی ئینگلاند.

* کتێبی Leopold (لیۆپۆلد) نووسین وێنە: Lars Klinting ئەمیش هەروا کتێبێکی منداڵانە. چاپی یەکەم، سوێد ٢٠٠٣ دەزگای چاپ و پەخشی کتێبی ئەرزان ستۆکهۆڵم، لە ژێر چاپدایە.

چواردانە لەو کتێبانە، کاک خەلیل دهۆکی بۆ زاراوەی کورمانجیی سەرو گۆڕیونییەتی و بە پیتی لاتینی نووسیونییەتەوە.

ئەو پرۆژانەی لەبەردەستیشمدان و کاریان لەسەر دەکەم، نموونەی ئەوانەی سەرەوەن ئەگەر تەمەن یار بێ لەداهاتوودا دەیانخەمە بەر دیدی خوێنەرانی بەڕێزی کورد.

*** کۆمەڵگای کوردەکانی ئەوروپا چۆن دەبینن (بێگومان) مەبەستمان توێژە رۆشنبیرەکان)ە چۆن دەڕواننە کوردستان لەو دوورە وڵاتییەدا؟**

کوردەکان لە دەرەوەی وڵات، سەرەڕای دووری وتاسەی خاک و نیشتمان، توانیویانە لە هەر کام لەو وڵاتانەی تیایاندا دەژین، چەندین گۆشە بکەنەوە بۆ خزمەت بە کلتووری گەل و نیشتمانەکەیان لە تاراوگە و دەتوانم بڵێم بوونی ئەو هەموو کوردە لە ئەوروپا هەرچەندە لە ژێر فشاری داگیرکەر و هۆی چەوسانەوە بووە. بەڵام بوونەتە هۆی پتر ناساندنی دۆزی کورد بە گەلانی دیکە، نابێ لە بیری بکەین، کە ئەمڕۆ کوردەکان لە سەرانسەری ئەوروپادا، توانیویانە لە ئاستی دامودەزگا حکومییەکان خۆیان ببەنە پێش و پۆستی گرنگ و بەرچاو وەربگرن و هەر بەو شێوەیەش لە کلتووری نەتەوەکان نزیک بوونەتەوە و ئاڵۆوگۆڕێکی زۆری فەرهەنگی و هونەری بووە. لە بوارە رۆشنبیرییەکاندا، رۆشنبیران توانیویانە خزمەتێکی زۆر بە کولتووری کوردی بکەن. بەو شێوەیە چەندین رۆژنامە و گۆڤاری کوردی دەردەچن و بەم سالانەی دواییش توانراوە کەڵکێکی باش لە تۆڕی ئەنتێرنێت وەربگیرێ و، ئەو بڵاوکراوە کوردییانەی پێشتر چاپ دەکران و خەڵکێکی زۆر کەم دەستیان دەکەوت و دەیانیان خوێندنەوە، ئێستا ماڵپەڕی خۆیان هەیە و لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستاندا، مرۆڤ دەتوانێ بە سانایی دەستی پێیان رابگا و بیانخوێنێتەوە، ئەمە جگە لەوەی بۆ خوێنەران هیچ کێشەیەکی ئابووری دروست ناکات. شتێک کە من نیگەران دەکات، ئەوەیە کە لەناو توێژە رۆشنبیرەکانی دەرەوەی وڵاتیشدا نەتوانراوە دەزگایەک پێکبهێنرێ کە زۆربەی نووسەران لە دەوری کۆ ببنەوە و پێکەوە خزمەت بە کلتوورەکەمان بکرێ، بەداخەوە ئەمەش هەر وەک رێنووسی زمانەکەمان پەرش و بڵاوە. من خۆم ئەو رۆژە بە ئاوات دەخوازم کە هەر جۆرە بیروباوەڕێکی دی وەلاوە بنرێ و لە شوێن خۆی کاری بۆ بکرێ، بەڵام سەبارەت بە پێداویستییە کلتوورییەکان هەتا ئەو ئاستەی دەگونجێ یەک بیروڕا هەبێ، چۆن دەڕوانمە کوردستان لەم دوورە وڵاتییەدا؟ من لەم دوورە وڵاتییەشدا، کۆمەڵێک ئازار و مەینەتیی گەلەکەم لە ناخمدا کۆبوونەتەوە و هەموو ساتەکانی ژیانم وەک مەشکە دەمهەژێنن، بەشێک لەو ئازارانە لە رێگای هۆنراوە و بەشێکیان لە رێگای چیرۆک و بەشێکیان لە رێگای وتار و شتی دیکەوە دەرم بڕیون و هێناومنەتە سەر پەڕەی کاغەز و خوێنەرانم تا رادەیەک پێ ئاشنا کردوون. وتەیەکی نەستەق هەیە کە دەڵێن سەرەتا "ڤیکتۆر هۆگۆ" گوتوویەتی: (ئەو فرمێسکانەی قوت دەدرێن، تاڵترن لەوانەی بەردەبنەوە). سوپاس بۆ شیعر و چیرۆک و وشە، کە توانیومە لەو رێگایانەوە ئەشکەکانم بەربدەمەوە، ئاخر منی خاوەن ئەنفال و سووتماک و خزاوی ناو لانەی هەڵوەدا، ئەگەر پەنام بۆ شیعر نەبردایە، ئەی چیم بکردایە. هێندێک جار بیر لەو کوردانە دەکەمەوە کە خاوەنی کۆڵێک کارەساتن و رێگای گریانیان نییە و دەستی نووسینیشیان نییە بۆ نموونە پیاوان (چونکە لە کوردەواریدا، بۆ پیاو هێندە ئاسان نییە، لە هەر شوێنێکدا قووڵپی گریانی بێ و ئەشکەکانی بەربداتەوە) و ئیتر دڵم بۆیان دەسووتێ. ئەم گەلەی تۆ دەیبینی، زامی هێندە قووڵە کە پەڕەی هیچ ناعوورێکی ئەم مێژووەش نایگاتێ. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، رەنگە بۆ من زۆر سەخت بێ بتوانم هەموو ئازارەکانم دەرببڕم، چونکە گەلی من گەلێکە، ئەوەندەی کارەسات و لێقەومان بەسەرهاتووە، کە هێندەی من شارەزای رەوتی گەلانی دیکە بم، گەلێکی ترم پێ شک نایە هەرگیز ئاسوودەیی و سەرفرازیی بەخۆوە نەبیینبێ و هێندە گوڵی باغی تەمەنی خنکێنرابێ.

*** بزاڤی رۆشنبیری دەرەوەی وڵات چۆن بەگشتی دەبینی، بەتایبەتی وڵاتانی ئێسکاندیناڤیا؟ (سوێد)؟**

لە دەرەوەی وڵات شێوە جووڵانەوەیەکی رۆشنبیری هەیە و، لە وڵاتانی ئێسکاندینافیاش و بە تایبەتی «سوێد» دەزگای چاپ و پەخشی هەمەجۆری رۆشنبیری هەنە کە بە پیتی لاتینی و ئارامی «عەرەبی» یەکەش چاپ دەکەن، بەڵام تا ئێستا نەیانتوانیوە ژمارەیەکی بەرچاو لە توێژە رۆشنبیرەکان لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە. بەگشتی ئەو خزمەتانەی بە وێژە و کلتووری کوردی دەکرێن سنووری تاکیان تێنەپەڕاندووە.

*** چۆن پێناسەی رۆشنبیر دەکەن؟ کێن ئەوانەی بە رۆشنبیریان دەزانیت؟**

– رۆشنبیر ئەو کەسەیە پەیامی راستیی پێیە، ئەو زوو درک بە راستییەکان دەکات و لە گەلەکەی دەگەیەنێ و، بەو شێوەیەش کۆمەڵ لە پێشهاتە زیانبەخشەکان هۆشیار دەکاتەوە. مەرج نییە هەر کەسێک خوێندەوار بێ، رۆشنبیر بێ، مەرجیش نییە هەر کەسێک نەخوێندەوار بێ، رۆشنبیر نەبێ، لەلایەکی دیکەوەش، رۆشنبیر دەبێ ئازادیی خۆی لە کارەکانیدا بپارێزێ بۆ ئەوەی هەیبەتەکەی لە دەست نەدات.

*** لە دنیای سیاسەتیشدا وەکو ئاشکرایە رۆڵێکی گرنگتان هەبووە، چۆن باس لەو ماوە مێژووییە دەکەن، (چۆن دەڕواننە دنیای سیاسەت)؟**

– پێشتر لەو بارەوە هێندێک ئاماژەم دا. من لە تەمەنی هەرزەکاریمەوە چوومە ناو زەریای سیاسەتیشەوە و تەنانەت لەو رێگایەدا خوێنیشم رشتووە. دیارە جیهان وا خولقاوە، مێژووی گەلان بە زۆر قۆناغدا تێپەڕیوە و ئەو قۆناغانەش زۆر شێوە خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتییان پێویست بووە و دەبێ. گەلی کوردی ئێمەش لە کازێوەی ئەم مێژووەوەی لە سیاسەت دانەبڕاوە، ئەگەرچی هەر شکستیشی هێناوە. سیاسەت پێویستە و هێندێک جار دەبێتە گوروتین بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵ و ژێرخانی ئابوورییەکەی، بەڵام چۆن؟ کەی؟ بۆ؟ من دژی سیاسەت نیم چونکە سیاسەتکردن پەیوەندیی بە بار و رەوشی ناوچەییەوە هەیەو هێندێک جاریش دەسەپێنرێ. ئەگەر کوردیش بەرانبەر بە تەعریب سیاسەتی نەبێ، ئەوا ئەو برە کوردەش لە کەرکوک دەردەکرێ، بەڵام ئەگەر سیاسەت بە هەڵە لەناو هەر گەلێکدا پەیڕەو کرا، ئەوا رەشایی ئەرز و ئاسمان دەپۆشێ. کوردیش زۆر سیاسەتی کردووە، بەڵام بەداخەوە هەموو جارێک لەو شتانەش بێبەش بووە کە دەبووایە خاوەنیان بێ. بۆ من ئەمڕۆ سیاسەت بەسەرچووە و، هێندەی توانام مابێ، پەرە بە لایەنە کلتوورییەکە دەدەم و لە راژەیدا دەبم.

*** چۆن دەڕواننە ئەزموونی کوردستانی باشوور، بەشێوەیەکی ورد چۆنی هەڵدەسەنگێنن؟**

– ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستانی باشوور بەدەست خراوە، بەرهەمی خوێنی ئاڵی شەهید و قەتماغەی زامی برینداران و گیانی پاکی ئەنفالکراوەکانە و بۆنی هەڵوەداکانە، بۆیە دەبێ بە گیان و دڵ بپارێزرێ. پاراستنی هەر دەسکەوتێکی پاش لە دەستدانی گەلەخەڵکێک ئەرکی ئایینی و ئەخلاقیی زیندووەکانە لەسەر زەوی. ناپاکیکردن لەگەڵ دەسکەوتەکانی بە خوێن وەرگیراو، مایەی چاوهەڵنەهاتنە بەرامبەر دایکانی جگەرسووتاوی رەشپۆش و منداڵانی لە نازی دایک و باوک بێبەری. لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە، من کاتێک لە بەرەی سیاسیی سەر خاکەکەم گەشبین دەبم و بێگومانم هەر ئەو کاتەش شوێن پۆستاڵی دێوەزمەکان لەسەر خاکەکەم دەسڕێنەوە، کاتێک سروودی کوردی لە یەک گیانەوە ببیسرێ و ئەو وەرگێڕانەی سردووەکانمان بۆ زمانێکی بیانی وەردەگێڕن، لە ژێر یەک مۆری کوردیدا بێ.

هەرگیز ناکرێ شیعرێک چەندین شاعیری خاوەن بێ، بەڵام تێکهەڵکێش دەبێ.

*** حەز دەکەی وەکو سیاسییەک بناسرێیت یان وەکو نووسەر و لێکۆڵەرەوەیەک؟**

– پێم وابێ ئەمەیان مێژوو بڕیاری لەسەر دەدا. من کاری سیاسم کردووە، بەڵام هێندە سیاسی نەبوومە. ئەگەر بە ئارەزووی من بێ، لایەنی دووەمیان هەڵدەبژێرم.

*** ئەمڕۆکە چۆن دەڕوانیتە کوردستانی بوونتان؟– ناسنامەی نەتەوەییتان–؟**

– (ئەوەی فێر بێ بە شیری، بەری نادا بە پیری) سەبارەت بە کوردستانیبوونم، ئەم پەندە زۆر لە خۆمدا دەبینم. ئەو هەستەی من وەکوو مرۆڤیکی نیشتمانپەروەری کورد، هەر لە سەرەتاوە لای خۆم درکم پێ کردووە، ئێستاش هەر وایە. ژیانی مەنفا کوردستانی لەتکراوی لام شیرینتر کردووە. بەزامترین وشەی گوللەی من لێرە پێم دەکەوێ، ئەوەیە لە کاتی وەڵامدانەوەی پرسیارێکدا کە دەڵێم خەڵکی کوردستانم، پێم دەڵێن: (men Kurdistan finns inte pa kartan– بەڵام کوردستان لە نەخشەدا نییە).

*** ئەمڕۆکە لە کوردستان زیاتر لە ١٢٠ رۆژنامە و گۆڤار دەردەچن، ئێوە چۆن دەڕواننە ئەم دیاردەیە؟**

– من ئەوە هیچ بە کێشە نابینم ١٢٠ رۆژنامە و گۆڤار لە کوردستانێک کە لە شارێکەوە بچێتە شارێکی دیکە وەک ئەوە وابێ لە وڵاتێکەوە بچێتە وڵاتێکی دی، یان لەوانەیە لە هێندێک سەروەختدا سەختتریش بووبێت، زۆرنییە. تەنیا لەم شارە گچکەیەی من لێیدا دەژیم و بە هەموو هەرێمەکەی نزیکەی ١٢٠٠٠٠ کەسن و بەشێکیشیان بیانین، ژمارەیەکی زۆر رۆژنامە و گۆڤار دەردەچن، ئەگەرچی بڵاوکراوەی شارەکانی دیکەشیان بە ئاسانی دەگاتێ. لە نیشتمانێکی چەندین ساڵ داگیرکراو و لەتوپەتکراو وشە لێ حەرامکراو و تینوو بە ئازادیی وەک نیشتمانی ئێمەش لایەنە رۆشنبیرییەکە خۆی دەربخا، ئەوا نیشانەی دڵخۆشییە. لەبیرمان نەچێ، ئەو بڵاوکراوانە یارمەتیدەرێکن بۆ پێگەیاندنی رۆشنبیری نوێ. گرنگ ئەوەیە لە کارەکانیان سەربەست بن و ئازادیی و بیروڕایان لێ زەوت نەکرێ.

*** لە ئەورووپاش، کورد گەلێک بڵاوکراوەی ئەدەبی و سیاسی دەردەکەن، چۆنیان دەنرخێنیت؟**

– لەو کاتەوەی لە ئەورووپا دەژیم، دەتوانم بڵێم وەکو پێویست بکات میدیای کوردی ئەرکی خۆی بەجێ هێناوە و لە دەرەوەی وڵاتدا، زۆر خەڵکی خۆبەخش و بەبێ هیچ بەرامبەرێک لە هەوڵی ئەوەدابوونە گۆڤار و رۆژنامە دەربکەن. تەنیا لە وڵاتانی ئێسکاندیناڤیا دەیانی لەو جۆرە دەرچوونە، بەڵام ئەوەی مایەی نیگەرانییە، ئەوەیە کە زۆر لەو بڵاوکراوانە پاش چەند ژمارەیەک یاخود چەند ساڵێک لە کارکەوتوونە. دڵنیام هۆیەکەشی بێتوانایی دەستەی نووسەران و بەڕێوەبەرەکانیان نییە، بەڵکو نەبوونی خوێنەر و لەو رێگایەش کێشەی ئابوورییە.

*** ئەمڕۆکە لە دنیای ئەنتەرنێت، رۆشنبیرانی کورد هەتا ئاستێکی باش، سوودێکی بەرچاویان لە بواری ئەنتەرنێت وەرگرتووە؟ ئەمەو ئەم پرۆسەیەی چۆن دەبینن؟ و چۆن باشتر بکرێت؟**

– ئەو نووسەرەی ئەمڕۆ لە رێگای تۆڕی ئەنتەرنێتەوە بە چەند رۆژێ دەناسرێ، پێشتر بە چەندین مانگ و ساڵ نەدەناسرا، نووسەر هەنە لە هەشتاکانەوە بابەتیان بڵاوکردۆتەوە، بەڵام هەتا ئەمڕۆ کەمترین کەس بینیویانە. لە رێگای ئەنتەرنێتەوە، ئەمڕۆ بابەتێک بڵاوبێتەوە بۆ رۆژی دوایی زۆرینەی خەڵک دەیخوێننەوە. سەبارەت بە باشتربوونی ئەو ماڵپەڕ و شوێنانەی لە ئەنتەرنێتدا خزمەت دەکەن، من پێم وایە یارمەتیدانیان بە بابەتی هەمەجۆر و سەرنج و تێبینی دەربڕین بۆیان بۆ ئەوەی بەردەوام بن و ئەگەر بلوێ باشتریش بەسەر کێشە تەکنیکییەکانیاندا زاڵ بن. لە راستیدا، فرسەتی جیهانی ئەنتەرنێتی ئەم سەردەمە بۆ ئێمەی کورد و پەرش و بڵاو بێ سنوور زۆر گرنگە. زۆر کەس هەنە بە ئاسانی لە رێگای ئەنتەرنێتەوە فێربوونە بە پیتی لاتینی بنووسن و سوودێکی زۆری لێ وەربگرن. تەنانەت بەم دواییە بەرنامەیەکیان دروست کردووە کە هەر نووسینێک بە پیتی عەرەبییەکە نووسرابێ، ئەوا راستەوخۆ دەیکات بە پیتی لاتینی و ئەمەش وا دەکات کە ئەو کوردانەی تەنیا دەتوانن بە پیتی لاتینی بخوێننەوە بۆ نموونە خەڵکی باکووری کوردستان، لە بەرهەمەکانی دیش بێبەش نەبن.

*** پاش ماوەیەکی درێژ لە دوورە وڵاتی، چۆن لێرەوە سەیری ئەوێ (کوردستان) دەکەن؟ چ ئاسۆیەک دەبینن؟**

دەڵێن: «مرۆڤی بێ وڵات وەک بازی بێ باڵ وایە»، پێم وایە هەر کوردێکی دیش کە لە دەرەوەی کوردستان دەژی، هەمیشە لە یادی ئەوە دایە کە ناتەواوییەک لە ژیانیدا هەیە و چاوەدێریی هەموو ئەو گۆڕانکارییانە دەکات کە لە نیشتمان روودەدەن و، هەر بە هیوای ئەوەوەیە رۆژێک بێ و بەرەو زێدەکەی خۆی کۆچی خۆشی بکاتەوە. مرۆڤ لە کوێ چاوی بە ژیان هەڵهێنا و بۆنی کام خاکی کرد، زۆر بە دڵنیاییەوە، هەر چاو و هەستی لەو شوێنەیە. ببینە ئەو کوردانەی بە تەمەنێکی واوە کە لە ژیان گەیشتوون، وڵات بەجێ دێڵن، لە سەرەمەرگدا تەنیا هیوایان ئەوەیە لە خاکی نیشتمان سەربنێنەوە. گۆڕە غەریبی ئەستەمێکی گەورەیە. سەبارەت بە دۆزی کوردیش، بە هەر شێوەیەک بێت، جیهانی ئەم سەردمە زیاتر ناتوانێ بەرامبەر بە مافە رەواکانی گەلی کورد هەر وا نابینا بێ.

*** بە چەندیین زمان نووسینەکانتان بڵاودەکەنەوە؟ لەبەرچی لە کوردستان بڵاویان ناکەیتەوە؟**

– لە راستیدا، من بە کوردی نووسینەکانم بڵاودەکەمەوە. بەشێکی کەم لە نووسینەکانم لە رۆژنامەکانی کوردستانیش بڵاوکردۆتەوە، وەکو: کوردستانی نوێ، برایەتی، میدیا، گوڵان، ئاڵای ئازادی و، کتێبێک بۆ منداڵان کە لە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم دووبارە چاپ کراوەتەوە. رەنگبێ مرۆڤ لێرەوە وەکو پێویست دەستی بە رۆژنامە و گۆڤارەکانی وڵات رانەگات. ئەوەی راستی بێت، ئێستا لە دەرەوەی وڵاتیش جگە لە ماڵپەڕەکانی کە لە رێگای ئەنتەرنێتەوە بابەتی نوێ بڵاودەکەنەوە، رۆژنامە و گۆڤارێکی زۆریش دەردەچن.

*** لە دنیای خوێندنەوەدا، چی دەخوێنیتەوە، ئایا جگە لە سیاسەت و مێژوو، هیچ ئاشنایەتییتان هەیە لەگەڵ ئەدەبیات؟**

– سیاسەت زۆر بە کەمی، بەڵام هێندەی لە توانامدا بێ و کاتم ببێ، شیعرەکان و هێندێک لە چیرۆکەکان دەخوێنمەوە و یادە مێژووییەکان دەکەمەوە.

*** چۆن دەڕواننە مێژوو، هەتا چەند دەکرێت بەڕاستی بزانین؟**

– مێژوو پڕە لە شتی شاراوە و بەرچاو، دوور نییە شتە شاراوەکان زۆر لەبەرچاوەکان زیاتر بن. بۆ نموومە: ئەگەر مێژوو لەگەڵ ئەدەبی خاوێن بە راورد بکەین، جیاوازییەکی کەم وێنە دەبینین. مێژوو تێکەڵە لە ئاژاوە و ناڕاستی و پەڵەی رەش و نادیار، ئەدەبی خاوێن بریتییە لە فێنکاوێک کە لە سازگارترین سەرچاوەوە هەڵدەقوڵێ.

*** بەشێوەیەکی گشتی چۆن دەڕواننە کاری وەرگێڕان؟**

– لە راستیدا، وەرگێڕان کارێکی هێندە ئاسان نییە. کاری وەرگێڕان لە هەمان کاتدا، زمانەوانیی باش و دەستەڵاتشکانی باشیشی بەسەر زمانە زکماکییەکەدا دەوێ. ئەگەر سەرنجێک لەوەرگێڕە سوێدییەکان بدەین، دەبینین جگە لە سەنتەری وەرگێڕانی سەرانسەری سوێد کە هەر وەرگێڕێک دەتوانێ بە نرخێکی کەم لێیدا ببێتە ئەندام، چەندین دەزگای سەربەخۆ و یەکێتیی وەرگەڕانان هەنە کە دەتوانن بیروڕا دەربارەی کاری وەرگێڕان ئاڵوگۆڕ بکەن و دیارە رۆژ بەرۆژیش پێش دەکەوێ، ئەمانە هەموو دەبنە مایەی سەرکەوتنی کاری وەرگێڕان، من خۆشحاڵ دەبووم، ئەگەر شتێکی لەو شێوەیەم لەناو کوردان شک ببردایە.

*** پرسی زمانی یەکگرتووی کوردی: چۆن دەڕواننە ئەو بۆچوونانەی هەتا ئێستا کراون، دەربارەی زمانێکی یەکگرتووی ستاندەری کوردی؟ ئێوە ئەم مەسەلەیە چۆن دەبینن؟**

– بێگومان زمان بڕبڕەی لەشی هەموو کۆمەڵگایەکە بەلای منەوە، گرنگترین شتێک لە سەردەمی ئەمڕۆدا گرنگیدان بە زمانە. بە چەندین شێوە بۆچوونی جۆراوجۆر دەربارەی زمانی کوردی دەربڕاون. ئەو هەوڵانەی دراون، هەوڵی تاکەکەس، تاکە رۆژنامە و گۆڤار یاخود دەزگای گچکە بوونە و ئەوەی لەلایەن کۆڕی زانیاری کوردەوە پەسەند کراوە، لەلای زۆرینەوە نەکەوتۆتە کار.■